# حیلەی شەرعی

سمکۆ عەبدولکەریم

ئەوکات رژێمی لە ناوچووی بەعس لە بەرامبەر هیچ شتێك دەستی نەدەپاراست ، کەم نین ئەو خێزان و هاوڵاتیانەی لە بەر ئەوەی کەسێکیان پێشمەرگە بوو لە لایەن ئەو رژێمەوە دەستگیر دەرکران و دەخرانە کونجەکانی بەندیخانە، زۆر جار لە نێو بەندکراوەکاندا مێرمنداڵی وا دەبیندرا کە لە رووی یاساییەوە حەقی زیندانی کردنیان نەبوو , بەلاّم ئەو رژێمە نەك بە زیندانیکردنەکە نەدەوەستا , بەڵکو دەیبردنە بەر دادگا گالتەجارییەکەی خۆی و حوکمی زیندانیکردن و زۆرجاریش حوکمی ئیعدامی بەسەردا دەدان, بەلاّم لەبەر ئەوەی لە روی قانوونییەوە ئەمە شتێکی شەرعی نەبوو بۆیە بە پەلە لیژنەیەکی پزیشکییان پێکدەهێنا و تەمەنی مندالەکانیان لە دە دوازدە ساڵی دەکردە سەرووی 18 ساڵەوە ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە دادگا یکردن و حوکمەکەی قانوونی یە..

ئێستا ئەمە زۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی گرتۆتەوە هەریەکەو لەلای خۆیەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پەنا دەباتە بەر ئەو جۆرە حیلە شەرعیانە , ئەوەی زیاتر وایکرد قسە لەو بابەتە بکەم زنجیرە تەلەفزیونییەکەی (جومعە) ی حوسین میسری بوو , کاتێ وەستا جومعە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەیەوێ کچەکەی بداتە حاجی سمایل , مەلا دێنێ بۆ ئەوەی مارەی بکات, بەلاّم مەلاکە بە پێی مەزهەبی ئیمامی شافعی دەبێ پرسی کچە بکات بۆ ئەوەی بزانێ ئەو بەو مێردکردنە رازییە یان نا.. بۆیە دەبێنێ کاتێك ئیمامی شافعی لەگەڵ بەرژەوەندییەکەی دا نایەتەوە, سەرەنجام پەنا دەباتە بەر مەزهەبی ئیمامی حەنەفی لەبەر ئەوەی بەپێی شەرعی ئەو ئیمامە باوکی دەتوانێ بەبێ ئاگاداری و پرسی کچەکەی , کچە بە مێر بدات...

دەڵێن ئەگەر پیاو لە حالەتی ئاسایی دا بێ و ژنەکەی تەلاق بدات ئەوە تەلاقەکەی دەکەوێت , بۆیە ئەگەر هات و پەشیمان بووەوە ئەوە مەلا هەیە تەلاقەکەی بۆ چاکدەکاتەوە کە ئەمەش جۆرێکە لە حیلەی شەرعی لە ولاتە ئیسلامیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و لە کوردستانیش بەتایبەتی رۆژهەلاّتی کوردستان بیستومە و بینیوومە پیاو ژنەکەی تەلاق داوە و هیچ شتێکیان لە نێوانیدا نەماوە و دواتر پیاوەکە ژنی تریشی هێناوەتەوە ، کەچی دوای چەند مانگێك , دووبارە ژنەکەی پێشووی کە تەلاقی داوە گەراوندۆتەوە لای خۆی , زۆر جار لە فیلمە میسری یەکانش دا بینیومانە کاتێك پیاو ژنەکەی تەلاق دەدا و دواتر پەشیمان دەبێتەوە , ئەوە بەشێوەیەکی حیلە شەرعی ژنە تەلاقدراوەکە لە کەسێکی تر مارە دەکەن و دواتریش پێی تەلاق دەدەن بۆ ئەوەی لە پیاوەکەی پێشوو مارەی بکەنەوە , کە ئەمەش لای خۆمان پێ دەڵێن ( مارە بەجاش)

لەم هەولێرە بنکەیەك هەیە بەناوی لیژنەی پزیشکی , یەکێك لە ئیشووکارەکانی ئەم لیژنەیە ئەوەیە کە رۆژانە خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن بۆگۆرینی تەمەن , ئەوەی لەگەڵ ئەم نووسینەی ئێمە دا یەك

دەگرێتەوە مەسەلەی گۆڕینی تەمەنەکەیە  کەئەم لێژنەیە ئەنجامی دەدات ئەگەر سەرنج بدەی باوکانێك هەن رۆژانە کچ و کوڕەکانیان دەبەنە ئەو لیژنەیە بۆ ئەوەی تەمەنیان بچووك یان گەورە بکەن , پیاوێکی بە تەمەنم بینی کە سەرقاڵی گەورە کردنی تەمەنی کچەکەی بوو کە دواتر تێگەیشتم تومەز تەمەنی کچەکەی بچووکە و لە رووی یاساییەوە ناتوانێ بەشووی بدات بۆیە دیەوێ تەمەنەکەی گەورە بکات , یان بە پێچەوانەوە تەمەنەکەی گەورەیە و لەگەڵ ئەو کۆلیژە یان لەگەڵ هەر شوێنێکی تر ناگونجێ کە بە نیازە لێی وەربگیرێ ، بۆیە دەچێت لەو لیژنەیە تەمەنەکەی بچووك دەکاتەوە ئێستا ئەوە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشی گرتۆتەوە ئەو منداڵانەی لەپۆلی یەك وەردەگیرێن دەبێ تەمەنی شەش ساڵان بێت ، کەچی زۆر خێزان هەیە دەچێ تەمەنی منداڵەکەی گەورە دەکات بۆ ئەوەی زووتر بیخاتە بەر خوێندن.

ئێستا کە سەروبەندی هەلبژاردن لە عیراق و کوردستان نزیك بۆتەوە و حیزبەکان سەرقاڵی ئامادەکردنی لیستەکانیانن ، بەپێی بڕگەیەکی بڕیاری کۆمسیونی هەڵبژاردنەکان نابێ هیچ کەسێکی کاندیدکراو تەمەنی لە (30) ساڵ کەمتر بێ ،بەڵام حیزبێکی کوردستانی کەسێکی کاندیدکردووە کە تەمەنەکەی لەوە کەمترە ، بۆیە ئێستا ئەم برایە بە نیازە بە شێوەیەکی حیلە شەرعی تەمەنەکەی گەورە بکات .

ئەمە وەك دیاردەیەك ساڵانی زوو زۆر زۆرتر بوو بەتایبەتی لە ناوچە دوورە شارەکان باوکەکان تەمەنی منداڵەکانیان زۆر بچوکتر لە خۆی تۆمار دەکرد ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی درنگ تر بکرێنە سەرباز، لەوەش سەیرتر زۆرجار کوڕەکانیشیان بە کچ دەنووسی..

smkobsat@yahoo.com